# بەشدار عەلی لە هەولێر دەرفێندرێت

دوێنێ شەو ,شەوی21 لەسەر 2006_3 _22 ,لە کاتی دەرچوونی لە سەنتەری ئەنتەرنێت, بەشدار عەلی کادیری حیزب و خۆشەویستی نێو قوتابیان و لاوان لە هەولێر و زانکۆی سەلاحەددین لەلایەن ئۆتۆمبیلێکی جۆری مۆنیکا بەزۆر را پێچی نیو سەیارەکە دەکرێت و دوایی چاو بەستنەوەی بۆ شوێنێکی نادیار دەبیەن و تا بەرەبەیانی هەمان شەو لە ژێر ئەشکە نجەدانی دەروونی و جەستەیزۆر دەبێت و لە دوایشدا لە نزیك ماڵەکەی خۆیان فرێی دەدەن , شایەنی باسە لەم ماوەیەدا لەسەرەتادا بەقسەی خۆش و وەعدە و بەڵێن وویستویانە بروا بە هاورێ بەشدار بهێنن کە چیتر بەم شێوەیە قسە لەسەر حکومەت و دەسەڵاتداران نەکات لە کۆر و کۆبەونەوە و بلاوکراوەکان لە دواییدا کە زانیویانە هەوڵەکانیان بێسودە ئینجا بەربوونەتە گیانی و پێشیان راگەیاندووە ئەمە تەنها ئاگادارکردنەوەیەکە! رفاندنی هاورێ بەشدارکەیەکێکە لە لاوە نارازییەکانی کوردستان و زۆر سەرسەختانە بۆ مافە سادە و ساکارەکانی قوتابیان و لاوان و سەرجەم خەڵکی نارازی کوردستان لە سەنگەردایە,رفاندنیشی دوایی بڵاوبوونەوەی کۆمەڵێك ووتاری دێت , کەتیایداباسی لە ناوەرۆکی بەناو ریککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی و گەندەڵی و دزی بەرپرسەکانیان کردووە , بەڵێ ( تاوانی ) بەشدار عەلی ئەوەیە لە 8ی مارس لە زانکۆی سەلاحەددین لە بەردەم ئەندام پەرلەمانتارەکانیان گووتی(( هەموو بێمافی و تاوانەکانی دەرهەق بە ژنان ئە نجام دەدرێت هۆکاری سەرەکی دەسەڵاتدارانن ,لە ژێر دەسەڵاتێکی میلشییایی ناکرێت باس لە مافاکانی مرۆڤ بە نایبەتیش ژنان بکرێت. ))

ئیمە لە کۆمیتەی هەولێری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کە سەلامەتی گیانی هاورێ بەشدار لە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی شارە و بە توندیش ئە جۆرە کارانە پرۆتستۆ دەکەین و ڕای گشتی جیهانیشی لێئاگادار دەکەینەوە .وە ئەم کاروکردەوانەش یەك ئۆزقاڵ دوورمان ناخاتەوە لە شەو نخونی و خەبات بۆ وەدەست هێنانی ژیانێکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران .

بژی ئازادی بێقەید و شەرتی سیاسی

بمری سەرکوت و ئیستبداد

کۆمیتەی هەولێری

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

2006_3_22